کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

5-4-2007 1:54بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## مام جەلال بۆ وا زوو کوردی لەبیر چوو؟؟!! ... بەپێنووسی ڕۆژ

بۆ من گرنگی قسەکردن لە بارەی کۆنگرەی وڵاتانی عەرەبی کەچەند ڕۆژ لەمەوبەر لە عەرەبستانی سعودی بەڕێوەچوو هەر هێندە گرنگە کەتیایدا باسێکی ئەرێنی لەمیانەی چوونی هەردوو سەرکردە و دیپلۆماتکاری کورد و سیاسەتی دیپلۆماتکارانەیان بەرژەوەندیەکانی گەل و هەرێم و وڵات بپارێزن.. ئەوەی بینیشمان نەک تەنها پارێزگاریکردن لەو بەهایانە و ئەو مافانەی لە قۆناغە جیاجیاکان و بەقوربانیدان و کۆششی زۆری سیاسەتوانان و بەبەشداری کارای ڕۆشنبیر و وڵاتیان نەبوون، بەڵکو بێ نرخکردنی پیرۆزیەکانیش بوون. من هێندەی بێ هەڵوێستی وشیار زێباری وەزیری دەرەوە کەوەکو دیپلۆماتکارێکی ناسەرکوتوو بەلاوە گرنگە ئەوەندە بێ هەڵوێستی تاڵبانی بەگرنگ نازانم، کەدواتر ڕۆڵی ئەو دەخەمە ڕوو. چونکە زێباری نەیتوانیوە مومارەسەی کاری سیاسیانەی خۆی کە دەچێتە خانەی زانستەوە و میتۆدی خۆی هەیە و سەرەکیترین ڕەگەزەکانی دیپلۆماتکاری سەرکەوتووش بەو پێیەی لە نێوەڕۆکی سیاسەتی دیپلۆماسیەتدا شارەزایانی ئەو بوارە باسی لێوە دەکەن "بایەخ و سەرکەوتنی ئەوان لە پاراستنی بەرژەوەندییە گشتیەکانی وڵات و پەلکێشکردنی ڕای زۆرینەی وڵاتانی دیکەو داکۆکییکردنە لەو بەهایانەی کە کۆمەڵگەو دەسەڵات لەسەری ڕیککەوتوون"کاتێك ئەوەی لە ماوەی ئەو کۆنگرەیەدا بینرا جگە لە عەرەباندنی تەواوی گەلانی ئێراق و داکۆکیکردن لە یەکپارچەیی ئێراقی بەزۆر بەیەکەوە لکێندراو و بێ هەڵوێستی زێباری پێشمەرگەی دێرین کەدوور نابینرێ ڕۆڵی ئەمریکای تێدا بووبێت شتێکی دیکەم تێدا بەدی نەکرد.

دواتر دەبوایە تاڵەبانی و زێباری زۆر زیاتر لە ئێمە هەستیان بەوە کردبوایە بەر لە بەستنی ئەم کۆنگرەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی سعودیە کراو مەبەستی سەرەکیش ڕازیکردن و لە خشتەبردنی بارزانی بوو بە هێنانە ژێر بارو تونددوو تۆڵکردنی پێوەندی لە گەڵ عەرەبی سوننە و دروستکردنی هاوپەیمانێتییەك لەسەر حیسابی شیعە مەزهەبەکان و دواجار زیان گەیاندن بە سەروەریە وەدەستهاتووەکان، بەڵام بارزانی وەك هەڵوێستی پڕ حەکیمانەی خۆی، بەرژەوەندییە گشتییەکانی پاراست، بۆیە کە نەیانتوانی هیچ فێڵێك لە سەرۆك بارزانی بکەن، پەنایان بردە بەر مام جەلال کە زوو لە خشتە دەچی.

ئەوەی مەبەستی منە لەم باسەدا سەبارەت بە تاڵەبانی لێوەی بدوێم ئەوەی بارزانی داکۆکی لەسەر دەکات تاڵەبانی بە ئیغراکردنی لەلایەن عەرەبەکانەوە هەر لە گەیشتنی بە ڕیاز و دانیشتنی لەسەر کورسی و مێزی زێڕینیان بێ هەڵوێستییەکی خراپی نواندکە نەدەبوو لەم دوا دواییەی تەمەنی وا بکات.

بە داخەوە تاڵەبانی نەك هەر نەیتوانی قەرەبووی هەموو ئەو قوربانیانەی بۆی کران بکاتەوە کەلە پێناو چاکبوونەوەی ئەودا بوو بەوەی گەر بە جوملەیەکیش بێت باسێك لە شەرعیەتدان بەدەستوور و مادەی 140 بەتایبەت لەو کۆنگرەیەدا ئەگەر وەکو سەرۆکی ئێراقیش بوایە دەبوایە بۆ بەرز ڕاگرتن و بەهەند وەرگرتنی ڕای 80%ی خەڵکی لە دەنگدانیان بۆ دەستور و پرسی کەرکوك لەو نێوەندەدا ڕوون بکاتەوە، بەڵکو هەوڵی شێواندن و لەباربردنی پڕۆسەکە دەدات کە ئەمەشی لەمیانەی بەتامەزرۆییەوە گوشینی دەستێك دێت کە تاسەر ئێسقان دژ بە کوردە و ئێستایشی لەگەڵدا بێ بە تورکە شاخیەکان ناوی کورد دەبەن.. وەکو ئەوەی میدیای تورك باسی لێوە دەکات هەر بەوە نەوەستاوە کە گلەیی کردن لە ئەردۆگانی بۆ ئەوە بووبێت کە حیسابێك بۆ سەرۆکایەتیەکەی ناکەن کە لە ماوەی هەردوو پۆستی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرۆکایەتیکردنیدا تەنها بۆ جارێکیش بانگهێشتی تورکیای نەکردووە و تەنانەت ئەرزشی شیعە مەزهەبێکیشی بۆ دانەناوە، بەڵکو دەستی میهرەبانی ئەردۆگانی درێژە پێدەری سیاسەتی ئەتاتورکی شۆڤێنی هاندەربوون تکای لێبکات بە دروستکردنی لیژنەیەك و ناردنی بۆ کەرکوك بۆ لێکۆڵینەوە و دڵنیا بوون لەوەی غەدریان لە عوسمانلییە کەرکوکیەکان نەکردووە و گەر بڕواش ناکەن فەرموون ئەوە من ڕێگام بۆ خۆشکردن کە بە ئارەزوی خۆتان دەست وەردەنە کارو چالاکیەکانی لیژنەکانی چوارچێوەی پڕۆسەی سەرژمێریکردن کە هەستیارترین قۆناغەکانی پرسەکەیە. کە پێچەوانەی هەر هەڵوێستێکی کوردانەیە.
لەلایەکی دیکەوە دوژمنایەتیکردنی پەکەکە لەهەر پێناوێك هێندە بێت بەقەدەر تێگەیشتنی لە سیاسەتی پەکەکە دوای ریفۆڕمی لە بواری سەربازی و فکری سیاسیان و بە هەند نەزانینی هەڵوێستی کوردینی ئەوان لە بەرانبەر ئەو پڕۆسە سیاسی و ئەزموونەی کە خۆیانی تێدا بە پارێزگار دەزانن، مەبەست لێرەدا تۆڵە سەندنەوەش بێت لەو زیانەی لەڕێگەی ئەوانەوە پێی کەوتووە بەڵام دواجار موساوەمەیە بە دۆزی نەتەوەیەك. بۆ ئەوە گوتەیەکی ئۆجەلان دێتەوە یادم کە لەبارەی هەڵوێستی سەرکردەکان هەیبوو کە دەڵێ"دوژمنایەتی بارزانیم بەلاوە مەبەست ترە نەك دۆستایەتی تاڵەبانی" خۆ ئەو بەهەڵەدا نەچووە لەوەی کە لە هیچ کات و ساتێکدا مایەی پشت پێ بەستن نییەو هەموو کارەجوانەکان دەشێوێنی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.